ئایدۆلۆژی ناسیۆنالیزمی عەرەب لە خیتابی ئەنفالدا! … رزگار عومەر

ئەم بابەتە لە ئەرشیفی دەنگەکانەوە وەرگیراوە… 2005

[بۆ خوێندنەوەی ئەم بابەتە کلیکی ئێرە بکەن …](#)

ئە نفال بریندێکی بێ هە تواێ ، ئازارێکی بێ سوێ ، خەمێکی قوێ . … ئێ سرا جلیل محمد

ئە نفال بریا پێ لێ هە وڕکی ڕێ ش دێ بووی لێ ئاسمانی نیشتمانێ فڕشراوێ کێ م بێ سێ ر سێ ری جێ لادێ کانتێ وێ ، بریا گولێک دێ بووی بێ یێ قێ ی سزانیێک ، شێ رابێک دێ بووی لێ سێ ر مێزی بێ ڕپرسان ، وێ ڕێ قێ یێ کی قومار دێ بووی لێ دێ ستیان تا لێ پێش چاویان ون نێ بوویتایێ. خێزگێ فایلی تێ کێشکێ بێ رزێ کان و بێ لگێ نامێ نهینیێ کان دێ بوو تا سێ رکردێکان لێپیناوتا جێنگیان هێل گیرسنایێ. بێ لام ئێ فسوس من چی بکێ م کێ تێ هیچ کام لێ مانێ نێ بوویت، تێ نها بریندێکی لێ سێ ر دلی دایکێ ڕێ ش بێشێ کان کێ چاویان بێ خشیێ چاێوانی ڕێیشتوێ کانیان ، فرمێسکی مندالێکی بێ سێ رپێ ڕێشت و بێ نێ وابوویت ، ئاهو نزولێ ی پیرێ پیاوی ماندوو بوویت . بریندێک بووی لێ سێ ر دلی ئێ وکچانێ ی کێ لێ چاوێ روانی خێش ویستێ کانیان بێ ختیان وێ کو جلێکانیان و چرجێ کانیان سیا پێش بوو .

ئێنفال تێ بریندێکی نێ کێ س دێ تبینت نێ سارێژ دێ بیت و نێ لێ یاد دێ کرێیت، هە ر وێ ک ئێ و سێفیانێ ی کێ ئێ شقی خودا لێ یاد ناکێ ن ، ئێنفال تێ لێ و باڵندێ دچوت کێ باڵکانی خێی پیشکێش بێ فرینی نیشتمانێ کرد، هە ر ئێ و نیشتمانێ ئیستا ژنێ لێو سوێ کان و

پیاوە ورگ زلە کان بەین باخ لە بە ڕە کان و ئە قلە پوچە کان گیرفان پڕە کان و نە زانە بە ناو زاناکان خەیان کرد بە خاوەنی .
ئە نفال تە هە ر ئە و گە لا سارد و تە زیوە ی پایز بووی کە جوانی بەهارت پەشکە ش بە زستانیکی سەخت کرد .
بە هارێک کە گولە کانی لە سە ر هاوپە یمانی مە رگی گە لاکان ژیان . بریندە بە شکەکە م دە نگی گریانی منداڵە برسیە کانت نامترسێنێت ، دە نگی تەپ و بۆنی مردووە کانت نامترسێنێت ، چاوە روانی دایکە پیرە کان و ئاشقە ماندووە کانت نائومێدم نا کات ،
بۆنی ئاسکە قە ی جلە دەاوە کانت وە هەسم ناکات، بینینی ئەسکو پروسکی ژەر دە نکە لمە کانت نام روخێنت ، من کچی خاکەکم بە بۆنی خوێن و باروت وئارەقەت راهاتووم . بە لام بریندە بەسویکە م مشە خۆری خەلکە کە ت و بۆنی عە تری بە رپرسە کان و ئەم بازاری هەوەسبازی ومە یلە و غافل بوونی خە لکە کە ت دەم ترسێنت .
ئە نفال ئە ی ئە وپرەسەبەدناوی بەرمبەر میللەتیک گیرایيتە بەر کە لاوەکانی بە خوینی خەیان ودلەب دلەب بارانی ئە شک سرودی خەشە ویستیو ئازادیان دەنوسیەوە لەپیناو نیشتمانە کە یان ، بەلام ئەفسوس نەخاک تەر بوو لە خوین و نە نامەکانیش گەشتن بە بەرپرسەکان و نە بەرچاوی دنیا کەوت کەس نەی بینیت و نەی خویندیتەوە ، تە نەبوی بە بابەتی کەروو کەبونەوەی بەرپرسان و کەسیش یادی نەکردی تەنها لەم رۆژەدا نەبیت کەس تەی لەبیر نیە دەنا دەمیک بوو دەبوی بە پە لەیەکی رەش بەنیو چاوی دنیاو پەرەیەک لە میژووی رەشی مرۆقایەتی، ئەی نیشتیمان، ئە و شەوانە ی لاوەکان لە سە ر شە قام و کەلان و کوخە سادەو بە نازە کان خە وت بوون ئەو شەوانەی هەزاران ئازیز لە نوگرە ی سەرماو بە برسیەتی و تینویەتی مردن ، هە ر لە و شە وانە زەریک لە بەرپرسەکانت لە میوان خانە کانی دە رە وە ئا هە نگی رسوابوونی خەیان دە گەرا ، ئەو رۆژەی کە خودایش نە فرە ت و تورە ی خەی بە سە رتا بارانند هە ر لە و رۆژەشدا دنیا چاوی لە ئاستی رەلەکانی نیشتیمان بەستبوو کەس بەلایانەوە نەهات ئا ئەو رۆژە هە زاران پەپولە ڕەحی خەیان بەخشی و دنیایان شەرمەزار کرد . رۆژیک دانرابوو میللەتیک قە ربکەن و بەئەبەد بیسرنەوە لە سەر زەوی ، بە لام بە خە بە ر لە وە ی ئە م میللەتە نە سزای ئاسمان دە یوە ستێنت نە هەزی زەوی دە یروخینت وە بە هەمیشە دەمینیتەوە ،

نووسینی : ئە سرا جلیل محمد

نامەکانی ئیشق ... 11... سەردار جاف

هەموو بەیانییەك

25 – لە دەفتەری ئەم سپێدە سپییەی ئەندێشەمەوە لە دەوری باڵات دەگەڕم، هەسە بەدەم ئەو تاقگەی خەیاڵەوە پیاسەیەکی نەورۆزانە بکەین، لە مەلا ئۆمەرەوە پێکەوە چاو دەبڕینە تونێلە داخراوەکەی پیرمام و بە نیگایەکیش لە نەینێکەکەوە دەڕوانمە ئەو ئاپۆڕا و حەشاماتەی لە پیرە هەوڵێرەوە هەساوە و بۆ توانەوەی بەستەڵەکی زمستانەی ناخیان بەرێ کەوتوون و کەفو کوڵی بە جۆشیان تاو داوە بۆ شایی لێغانی ئەم نەورۆزە، سنەوبەرەکانی خانزاد جوانی رۆژئاوای بە نیگای هەردووکمان نیشان دایەوە، هەر کە داگەڕینە خوارەوەیش لە سیدی ترومبێلەکەوە باکووری دەنگە بە سۆزەکەی لێ هەڵبڕی ....

هەسە هەسە کیژی جوان ..... بە هارەو کاتی سەیران

درەنگە خۆت بگەیەنە ..... با بڕۆین بۆ بەستێرە

گوێ ملە دەنگە ناسکەکەتە بە چرپەیەکی بەیانیانەت دەڵێی بشێ بە هەورازەکەی پیرماما هەزنێین یا تونێلەکە دەبڕتە ڕەمان، ئیدی قەدەری من و تۆی دووڕە وەڵات وابوو بە پێ َچاپێچە کەمکراوەکانی چیای پیرمام هەگڕاین، لەو دیویشەوە بۆ کۆڵ و شۆڕەسوار ملمان نا، ئیدی تا حاجی بایز گەرانیە خرۆشەکانی ناو ترومبیلەکە هەر وەك شەوانی ڕابردوو مەست مەستی نێو نەورۆزی کردین، بەیانیت هەنگین وەك ئەو دەشت و دەرەی کوردستان گوێەکەم لە گوێ گوێتر ...

26 – بەیانیت جوان، بەیانیت ڕوحی من ، بەیانیت خەیاڵدانی ڕۆژ و شەوانم، جوانیت ئیلهامی شیعرم، هەناسەت نوکی قەلەمم، ڕوحت دەفتەری نوسینەکانم، سینکت کتێبخانەی کتێبم، جوانەکەم، دوو ڕۆژە ئافاتی مەرگ تەم ئاڵاوە نازانم ئەو زویر بووە لە کام یاخی بوون و هەڵەوە ئیلهامی وەرگرت، لە کام ژیلەمۆی منەوە پێیەکانتی ئەزیەت دا و لە دڵەوە داخورپای و ئەو ئازارە بە دڵی میهرەبانت گەیشت، پەنجەکانم هەوەڕن کە بۆ ڕێزیان نواند و خەمیان کردە دیاری ، لە بری نوقڵانەی خۆر ئاتەشگای لە دڵی من بەردا، شیرینەکەم گەر نیازت هایە لە دەرگای دڵتەوە سنووورداشی ئەودیوی ئەوینم بکەی ئەوا من لە

پەنجەرەی چاوەکانتەوە ئاوێتەی ئیشقت دەبمەوە و لە خەوەتی ئەبەدییەتت هەگر دەبم، تۆ ئەو جوانەی گوڵت پێ ناگا، دەمم داڕێ ئەو پەنجانەم نمەك حەرامی دەرهەق بە بوونت بکەن..... 12 / 4
ئەمانیا

جەللاد … سەباح هەنجدەر

بۆ بوختانچی ترین ناسیار: ئا

بە کراسێکی سووف و چاوی خومارەوە خەوتم
کوشتمی و خەنجەرەکەی لەسەر کتێبەکانی دانا
لە کتێبخانەی لەیادچووواندا
لە هەواڵەکە بپرسن و خەنجەرەکە ببەنە پزیشکی دادوەریی
کەسێك لە بیرەوەرییە ناوازەکان مابێتەوە و ئاڵایەکی بە سێبەر و هەتاو بێت
پیت لە پیتی ناوی ئەو پاراوتر نییە بۆ ناوێکی بەختیار
دەبینین لە هاوی دووپشك کوژیی دێتەوە
دەچێت ژێر کووپەی غەزەل دەشنێ
لە مەیخانەی مەحوی مەزێکی تاکییم خەمێاندووە
پیاڵە باش و لە دڵەوە دەمناسی
بۆ پێ نابی
تکایە دڵاگرییم بکە
تا لێت نەژێ ناتخەمەوە

* * .

تاوانبارم داوای پەقرەجێکی کرد نەمشتێ
نیسانی 2019 هەولێر

شـــاعیری ئەرمەنـــی ئاودیـــك ئاساکیان بە گۆچانی دەستم … و: نەژاد عزیز سورمێ

بە گۆچانی دەستی لەرزۆکم
خەمبار ، پشت کۆم ، داماو
دوای ساڵانێکی دوور و درێژ
وەڵامێکی نیوەچڵ دەگەڕێمەوە ،
نهالی ئازیزمان دەبینم ..

حەفت چیای سەرکەشم بڕین
لە حەفت دەریای قووڵدا پەڕیمەوە ..
هەموو شتێکم لەدەست دا
سواڵکەرێکی غەریب ، لەم وڵاتەوە بۆ ئەو وڵات
بەڵام ئەوەتا ئاکام
بە پێیان دەگەڕێمەوە وڵاتەکەم
بە دڵێکی تژی خەم ،
لە گوندی نزیك دەبمەوە :
گەیشتمە برادەرێك لە برادەرانی منایم
لە کۆگەڵا ،
لەو دیو پەرژینی گوندییەوە بانگم کرد :

- (هێ برادەری دێرین ، خوا قەوەتت بدا …
نامناسییەوە ؟ زۆر گۆڕاوم ها ؟)
برادەرەکەم تێمەوە ڕاماو هیچی نەگوت ..
ئەوسا چووم بە گۆچانەکەم شەقام بپێوم ،
ئا ئەوەتا کۆنە پەرژینی دارینەی خۆشەویستەکەم
ئەوەتا ئەویش لەبەر دەروازەکەیدا
بە گوێی بۆنداری دەستییەوە ..
- (سڵاو خوشکۆڵە !
خوا حەزی کرد جارێکی دی پێك بگەینەوە ..)
سەری دانەواند و
دەربەدەر و غەریبی بەجێهێشت …

بە پشتی کۆماوەوە ژێرداگەڕام ،

کەخەکەمانم بە کەنەپەرژینی دارینەوە
لە دەرکەوت ..
لە وەدا
پیرەدایکم وەستاوە

- (ئەی خانەخوێ ، ئەمشەو میوانەکتان هەیە!)
دایکم هەڵدەلەرزی ، بە دەستیش پەکوپەکوی بوو:
- ئەوە تۆی لێرە ؟!
بە ماچ و فرمێسك لە ئامێزی گرتم :
(ئای کوڕی خۆشەویستم ، کوڕە داماوەکەم ..!)

بە یەکەمجار ئۆرکێسترای سیمفۆنی تۆرنتۆ مۆسیقای کوردی دەژەنێت … ئامادەکردنی: ئاسۆ جەبار

ئۆرکێسترای سیمفۆنی تۆرنتۆ یەکێکە لە ئۆرکێسترا گەورەو شایستەکانی ئەکادیمیەکانی جیهان لەئاستی ئۆرکێسترا بە نێوبانگەکانی ئەمریکا و کەنەدا دایەو ساڵانە بەبەشداری چەندین موزیکدانەرو کەمپۆزەرو موزیکژەنی بە توانای کەنەدی و جیهانی چالاکییە هونەرییە ئەکادیمیی و جیهانییەکانی پێسکەشدەکات.
لە درێژەی چالاکیە هونەریاکانی هونەرمەندی مۆسیقادانەر و پیانۆژەنی کورد نەورۆز تەنیا، ڕۆژی 27 ی ئەپریل لەسەر شانۆی Roy Thomson Hall سەمای کوردی ژمارە 1 ی نەورۆز تەنیا لە نێو کۆمەڵگای کاری جیهانی پێشکەشدەکرێت.
لەم کۆنسێرتەدا ستایلە جیاوازەکانی سەما لە جیهاندا پێشکەشدەکرێت. ئەم پڕۆژە هونەرییە پێشتر لە ئۆرکێسترای بەناوبانگی سیمفۆنی نۆڤاسکۆشیا پێشکەشکرا و لە هەمان کۆنسێرتدا داواکرا بە جاری دووهەم پێشکەشبکرێتەوە.
لەو مۆسیقادانەرانەی ناویان لەم کۆنسێرتە دەبینرێت ,Dvorak

Schostakovitch, Tchaikovsky و چەندین داهێنەری دیکە لەپاڵ ناوی نەورۆز تەنیای موزیکدانەری کورد دەبینیت.



نەورۆز تەنیا وەک تەنیا موزیکدانەرێکی ئەکادیمی کورد لەپاڵ ناوە دیارەکانی موزیکدانەراکاندا ریزبەندی چالاکییەکی ئاست بەرزی ئەکادیمی و جیهانی دەبێت.

Daniel Bartholomew-Poyser کە مایستری ئەم کۆنسێرتەیە؛ مایستریەکی بە نەوبانگی جیهانی و کۆنەدیە و شانازی بەبەشداریی کورد و موزیکدانەرێکی وەک نەورۆز تەنیاوە دەکات و دەڵێت:

“کارێکی گرنگە لە کۆنەدا بەرهەمی هونەرمەندێکی کورد بژێنرێت بەمشیوەیە، ئێستا تەنیا بە نوسینی وشەی کورد و ئەرکێسترای تەرەنتە ڕاستەوخۆ لینکی ئەم کۆنسێرتە دەبینرێت. پێشتر لەم ئەرکێسترایە مەسیقای ئەرکێسترالی کوردی پێشکەش نەکراوە.”

بایەخ و گرنگی بەشداری کەمپەزەرو موزیکدانەرێکی کورد لە ئاوەها ئەرکێستراییکی گەورەی جیهانیدا ڕامانەدەگرێت لەبەردەم بەرپسیارێتییەکی ڕاستەقینەی ئەکادیمیدا؛ کورد خاوەنی چەندین ئەکادیمیست و هونەرمەند و پێکەرساز و نوسەر و نیگارکێش و ڕەمانوسی بە توانایە؛ بەشداریی و شاکارە هونەری و ئەدەبی و ئەکادیمییەکانی کورد لەدەرەوەو ناوەی کوردستان شایستەی ئاوێتەبوون و بەرجەستبوونن لە دنیای هاوچەرخدا. ئەوەی شاکارییەکی موزیکی و ڕەمانێکی گەورە و شاکارێکی هونەریی دەتوانێت لەدنیای مەدەرندا بە داهێنان و جوانیی و ئەکادیمیبوونەوە کورد وەک کەمەگەیەکی زیندوو بە جیهان بناسێنن هەرگیز سیاسەت و سیاسەتمەندارو ململانێکان ناتوانن ئەو هەنگاوە جیهانییە هەبهێن.

شایانی وتنە نەورۆز دەرچوی زانکۆی ویلفریردە و چەندین خەاتی لە کەنەدا و چەندین وەاتی دیکە بەدەستهێناوە، ساڵی 2019 بە نوێنەری

کەنەدا هەبژیردرا لە نمایشی سەمای جیهانی. بە هەچەك خەکی کوردستانە و ساڵانکە لە کەنەدا دەژی، وەک بەڕێوبەری کارکانی ئەرکێسترای شاری گوڵف لە ئۆنتاریۆ کاری کردوە. هاوکات چەندین شاکاریی جیهانی و کوردی لە کوردستان و ئەورووپا و کەنەدادا پێشکەش کردووە.
کەنسەرتەکە ڕۆژی 27 مانگی چوار پێشکەش دەکرێت. دەتوانرێت لە ڕێگای ئەم لینکانەوە تەواوی زانیارییەکان ببینرێت:

https://www.tso.ca/sites/default/files/fact_sheet_april_10_1.pdf
https://www.youtube.com/user/Nawrozmusic
https://www.tso.ca/concert/relaxed-performance-let%E2%80%99s-dance#performance-2291

ئۆکاتی حەقیقەت دەگەڕێت بەگومان گەانکاری ئامادەیە..! سەروەرکەریم ...

ئیشکردن ،لەسەرچەمکی حەقیقەت ومانەوی بەڕەهایی کەیلەیەتی بەردەوام بەرهەم دەهێنێت و هیزی بیرکردنەوەگەانکاری لەناودەبات و کەمەگاو مرۆڤی بە ئیرادەو دەستەمە دروست دەکات و هەموویگاکانی پرسیاروگومان دادەخات.
هەمیشە دەساتەکان کاریان لەسەرفرێشتنی حەقیقەتی ڕەها بەکەمەگاو مرۆڤکان کردووەو مانەو ووجودی خەیان بەحەقیقەتی ڕەها داناوە.لەڕێگای ئایین و پیرەزیەکانی تری نیشتیمان و سەرکردەی پیرەز قبووە کردنی دەخی مەوجود ،بەوەی ئەوە حەقیقەتی میژووە ،کەئەوانی کردوە بەسەرداروسەروەری کەمەگاو دەبەت ڕەزلە پیرەزیەکانیان بگیرێت.
کاتێک دەساتەکانیان دەکەوێتە بەرمەترسی و گومانی خەک و هەنگاو بەرەوگومانکردن ،لەحەقیقەتی تاڵی ئەوان دەنێن ەاستەوخە دەنێ وەام باسی ئەوەدەکەن نابەت خەک دەست بەپیرەزیەکان بەرێت وهەوڵی

شکاندنیان بدات چونکە ئەو حقیقەتە .لەگەڵی ئایینە و سەرتاهەو دەدەن گومانی دەخی خراپ بەوەننەوە بەوی ،هەژاری و دەوەماندی لەلای خوداوەیو دەبەت هەمووان بەبەشی خەمان ەازی بین ،ئەگەر ئەمەش نەیتوانی گومانی هاوەاتیان بەوەنەتەوە لەجەبروتی حقیقەتی زاەمانەی دەسەات و کاری هەقیانەیان بەسەرمافەکانیان ،ئەوا دەست بە هەستی نیشتیمانی و پیەزی سەرکردە دەبەن و دەیانەت لەگەڵی نیشتیمان پەروەری و پیەز ەاگرتنی سەرکردەکانیان ،کەبەقەولی دەسەات داران لەخزمەتی ماف و ئازادیەکانی خەڵک دابوون .گومانی خەڵکی بەوەننەوە ەیگای کەتایی هەنان بە حقیقەتی زاەمانەیان نەگرنەبەر.

هەموو دەسەاتە دیکتاتەرو شمولی و فاشستەکان ،لەسەر هەمان تیئەر ئیش دەکەن ،کەمانەوەی کەمەگا بەمانەوەی ئەوانەوە بەندەو دەبەت ئەو ،وەک حقیقەتی ەهاقبووە بکەن وەەز لەسەروەری و سەردار بوونیان بگرن و ،وەک کەیلەیەکی گوەایەە ئەو دەسەاتە ناحقیقیەی بەزەر سەپەنراوەو پیەزکراوە قبوە بکەن پەننا بەگومانکردن نەبەن و بەەکو ملکەچ بن .

گومان نەکردنی کەمەگا و بەدەنگ بوون ،لەتاوانەکانی سەرانی دەسەات هەمیشە ترس و تەقاندن بەرهەم دەهەنەت و کەمەگا بەروملەکەچ بوون و مەگەل بوون دەبات .تائەوکاتەی گومان لەحقیقەتی دەسەلات نەکەین ناتوانین تاوانەکانیان ببینینن ،لەوکاتەی گومان لە حقیقەتی دەسەات و سەرکردەمافیاکانیان دەکەین ،ئەوکات ەاستی دەسەاتی هەقیانەیان دەبینین و دەتوانین هەنگاو بنەین بەئاەاستەی گەانکاری .زانینی جەبری دەسەات بەرەو ئیختیارمان دەبات و هەنگاوی سەرتای گومانکردن ،لەحقیقەتی جەبری دەسەات ئیختیارمان نیشان دەدات.

هەروەک ئەنگلس دەەت جەبرکوەر ،تابەئیختیارمان نەزانی و ئیختیاریش.بریتیە لەپەزانینی جەبر،خەڵکی کوردستان زیاتر لەچارەکەسەدیەک دەست وپەنجە لەگەڵ دەسەاتی سەرانی مافیای کورد نەرم دەکات و ئەوانیش ئەویان بەحقیقت بەخەڵکی کوردستان فرەشتوە ،کەئەو حقیقەتی مەژووە ئەوانی کردووە بەحاکمی ەها بەسەریانەوە و دەبەت خەڵکی کوردستان ملکەچی ئەو حقیقەتبەت و نابەت هیچ گومان بکات ،لەوەی ئەو دەسەاتە مافیاگەریە .(تەوای دەسەاتە دیکتاتەرکانی شیوەی دەسەاتی مافیای کوردی هەمان قسەو گفتاریان هەبووە ،لەشیوەی دەسەاتکانی موبارەک و سەدام و قەزافی و زەین بن عابدین و بەتەفلیقەو بەشیروبەشار …هتد) .دەسەاتکی هەقی ناحقیقین ،چونکە مانەوەی خەڵکی کوردستان پەیوستە بەمانەوەی ئەوان و دەسەاتیانەوە .

هەبەت ماوەی زیاتر لەچارەکە سەدیەکە خەڵکی کوردستان تاوای ئەو دەستاتە فاشیەی سەرانی کورد دەنەشت بەناوی حەقیقەتی مژوو ،کەمترین گومانیان خستوتەسەرابوروو ئەستایان و هەوەشاندنەوەی حەقیقەتی وهمیانیان .
دوای ئەوەی هەژانە دیکتاتۆرەکان ،کەدەستەاتیان بەحەقیقەت بەسەرخەکدا سەپاندوە هەدەورن کەتایبیان دەت ،ئایاخەڵکی کوردستان ،کەی دەست بەرداری ئەوناحەقیقەتە دەبن و بەدەستاتی حەقیقی خەیان کەتایی بەمافیاگەری دەهەنن و هەوەوەی مژووی ناحەقیقی دەستاتیان هەدەگرنەوەو دەبنە خاوەنی خەیان و ماف و ئازادیەکانیان.
هەندا
١١/٤/٢٠١٩

چەند سەرنج و خوەندنەوەیەک بە کتێبی: پارتی سیالیستی کورد ـ پاسەک ١٩٧٥ ـ١٩٩١

هەڵە بەرزنجەیی ١٤/٤/٢٠١٩

کتێبی: پارتی سیالیستی کورد ـــ پاسەک (١٩٧٥ ـــ ١٩٩١) … لەکەینەوەیەکی مژوویی سیاسییە.
پشکی، پ.ی.د.یاسین سەردشتی چاپی یەکەم،٢٠١٨…٢٧٢ لاپەڕە و نزیکەی ٣٤ بەگنامەی دانسقە. نووسینی: زانا فەقە
لەدەرەوەی مەودای وتار و بابەتی سیاسی حیزبایەتی دا, بەیەکم جار کاک "کاوە ئەمین" بە بابەتکی زانستی لەسەر پاسەکی نووسیوە. بەناونیشانی" ناسیونالیزمی کوردی، خەبات بە دەوەتکی نەتەوەیی، کاوە ئەمین/٢٠٠٦ کوردستان".
ئەم کارەی ئەستای کاک زانا فەقە لەسەر پاسەک، وەک ماجستەرنامە لە زانکەی سلەمانی پشکشکراوە، بە دووەم سەرچاوە و هەوە دادنرە، وەک کارەکی زانستی و بەرهەمی قوتابییەکی زانکە. هەبەت لەردا جی هەزکی زۆرە، دەستخەی لە کاک زانا بکەم، بە هەبژاردنی ئەم

بابەتە بە ماستەرنامەکەی. گرنگییەکە لەوەدایە، بەتایبەت لاوەکی گەرمیانی، نزیک گەی نەوتە تانکراوەکەی کەرکووک، بابەتکی وا تایبەت و قورس و هەستیار و پڵە سەختی و کەم سەرچاوەی هەبژاردووە، کە بەجۆرێک لە جۆرەکان مژووی ووداوەکانی دوای ڕاپەرین و میدیای بە ڕوحمی کوردی، خۆرا و دوور لە بەرپرسیارێتی و لەبەرچاوگرتنی مژووی هاوچەرخ، لەبیری کردووە.
ئاخر کەسێک نەزانێ پاسەک بە چ نانەسکی و زەحمەت و ئەرک گرانییەک، تەکەشانی کردووە، وا سەرپەی سەیری ئەم کار و حاڵەتە دەکات. بەڵام ئەوانەی خەیان سووتمەنی ئەم خەباتە سەختەن، و وردتر و بەویژدانتر و ئەقڵانیتر، خوێندنەوەی بە ووداوەکان و مژووی سەردەم دەکەن، باشتر بایەخ بەم کارە دەدەن و پێیان وایە، ئەوەی کراوە، نەک هەر شتێکی ئاسایی، بەڵکو ئەوپەڕی مایەی شانازیشە.
کارەکەی کاک زانا ماندووبوون و پەرەش و دەسزیێکی بەشوماری پێوە دیارە، مەگەر هەر ئەو تواناییەتی سەراسەیی و سەراخی ئەرشیف و بەسەرکردنەوە و پێوەندیگرتن لەگەڵ هاوبیرانی پاسەک دا بە گرانی و سەختییە بکات. هاوکات سەر بەسەر دێیان سەرچاوەی جۆراوجۆردا شڵە بکاتەوە، تاوەکو سەرەداوی باسەکی لە ڕوون دەبێتەوە. هەکارەکەش لە پلەی یەکەمدا، لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، حیزبەکی وەک پاسەک بەی نەکرا، خاوەنی ئەرشیفەکی پارەزراو بێت و تەماری مژوو و ووداو و هەڵوەستەکانی لەخۆ گرتبێت، ـ ئەمەش هەوهەکاری خۆی هەیە ـ تاوەکو کەسانەکی وەک کاک زانا، بتوانن بە کارەکەیان پشتی پێ بەستن و سوودی لەوەرگرن.
کاتێک، بەندە هەواڵی لەخەبووردووییە و پەرەشی بەردەوام و گرتنە ئەستۆی ئەم کارە سەختە و لەبەرچاوگرتنی ئەم هەگا پێچەپێچەی کاک زانام بیست، زۆر خۆشحاڵ بووم.
ساتەوەختەکیش کاک زانا بە یارمەتی و پرسیارکردن و چاوپێکەوتن و هاوکاری ، پێوەندی پێوە کردم، بە یەک و دوو بەهانایەوە چووم و هەوەم دا، مەیەکی جوان و دروست و دوور لە گیانی حیزبایەتی و شواندنی ڕاستی بخەمە سەرت خۆرمانی کارەکەی. تاوەکو ئەم هەنگاوە بێتە سەرتایەکی باش و پێویست بە ئەو مژووی پاسەک، بە ڕووش بەدرژایی تەمەنی خۆی نەخشاندوویەتی. بەڵاستی کارەکەی کاک زانا، جێی دەسخۆشی و پیرزبایی لێکردنە.
لە ئەم هەموو ڕاستی و ستایش و ڕێز و خۆشویستییە، بە کارەکەی کاک زانا. ناکاتە ئەوەی هەگرێک هەبێت لەبەردەممان دا، هەندە هەخنە و و باری سەرنج لەسەر ئەم کارە بەهادارەی نووسەر دەربەین. تا ئەستاش بەدگمەن نەبێت،کاری سەومەی بە کەلێن لەلایەن کەسەوە، پشکش نەکراوە. هاوکات،دەبینی هەخنە و باری سەرنج و

تێبینی، مەتیقگەلێکن، بە باشترکردنی هەنگاوەکانی ئایندە و فروانکردنی ئاسۆی بیرکردنەوە، پشکشکردنی کاری پوختتر.
لەگەڵ ستایشدا نازانم لەکێنەوەی زانستی، تا چەند خوێندکار ناچار دەکات چی ئامادە بکات و چۆن هەڵسوکەوت بکات؟ یاخود گرێکە چی بنووسێ و چی بڵێ!؟ .. لە ئەوە باش دەزانم کەوا مژوو و ئاستی دەرەن، چ هێواى هەق نییە منداڵی دایک و باوکک، بە زەردارەکی یاخود مەبەست و لە نەزانییەوە، بدرێ بە باوک و دایکەکی بگانە!.
بۆیە وا لەبەرەوە لە ڕەی شێنوکەوکردنی ماستەرنامەکەی کاک زاناوە، تەواوی سەرنجەکانم بە چەند فاکتەک، دەخەمە بەرچاو و ڕوونکردنەوەیان لەسەر دەدەم. بۆ هیوایەی کاک زانا، بە دڵەکی فراوانەوە و کارەکی سوودبەخش بۆ ئایندەی خۆی لێم قبووڵ بکات.
خوێندنەری هێژاش زیاتر بەئاستیێ مژوویەکان ئاشنا بێت، ئەو ئاستی و هەقیقەتانەی کەموزەر تەپوتۆزی هەمەتەکی بۆیژدانانەی چەواشەکاریی و شێواندنیان لەسەر نیشتووە، تاوەکو، وەک ئەوەی کە هەن نەخەنە بەردەست و چاو.

کاک زان لە کتێبەکێیدا، شەرشی ١٧ی تەممووزی ساڵی ١٩٥٨ لە عێراق دا، کردەتە پاشخانی ماستەرنامەکەی. لەکاتێکدا نووسەر لەسەر پارتێکی نەتەوەیی وەک " پارتی سۆسیالیستی کورد- پاسۆک"ی خاوەن فەلسەفە و ستراتیژێکی دیا و ڕوون و گشی بیری نەتەوایەتی نووسیوێتی.
سەرەتا:
١- بەرگی کتێبەکە جگە لەناونیشانی کارەکە، نەخشێیکی کوردستانی لەسەرە و لەتەک ئارمەکی پاسۆک دا. لەگەڵ ستیدا ئارمەکە هی پارتی سۆسیالیستی کورد - پاسۆک نییە. ئەو پارتەی کاک زانا لێکۆڵینەوەی لەسەر کردووە، بەڵکو ئارمی "پارتی سەربەخۆیی دیموکراتی کوردستان"ە. کە لە کۆنگرەی یەکەمی پاش دامەزراندنی پاسۆکەوە لە دوای ڕاپەڕینەکەی ساڵی ١٩٩١وە، بووە ناو و ئارمی حیزبی ناوبراو. هەق نەبوو کاک زانا بکەوێتە ئێم هەڵەیەوە، چونکە باسکەی ئەویش باس لە پاسۆک لە نێوان ١٩٧٥ - ١٩٩١ دا دەکات.
٢- تۆژینەوەکە لە ٣ بەش پێکهاتووە. کەچی نووسەر هاتووە وەک سەرەتا و پێشخان، ئەوەی ناسراوە بە شەرشی ١٧ی تەمووزی ١٩٥٨ لە عیراق دا، کردەتە پاشخان و زەمینەی لێکۆڵینەوەکەی لەسەر بیری نەتەوەیی کوردیی و لە چوارچێوەی پاسۆک دا. لەکاتێکدا بە نموونە، دەبوو لە کۆنتەکسکی وا مژوویی دا حیزبی " هیوا، ژ. ک یاخود خێبون" بکاتە پێشخانی کارەکەی. چونکە شەشی ١٤ تەمووز ڕووداوەکە لەچوارچێوەی دەوڵەتکی داگیرکەردا، بەناوی عێراق ڕووی داوە.

عێراقیش چ ئەوسا و چ بە ئێستاشەوە، یەکێکە لە دەوڵەتە داگیرکەرە سەرسەختەکانی کورد و کوردستان و پاسەک ئەم قەوارە سیاسییە زۆرکەی قەبووڵ نەبووە و بەهی کوردی نەزانیوە و بە تێکشکاندنی خەباتی کردووە.
پاسەک نەک بەاوەڕی بەو شێرشە نەبووە و نییە، لەوەدا کە چ پەیوەندییەکی بە دروست بوونیەوە نییە، بەڵکو خودی عێراقیش بە داگیرکەر و دوژمن دەزانی. کەواتە گەڕانەوە بۆ گرێدانی سەرهەڵدانی بزاڤی نەتەوە و کەمەڵیەکی نەتەوەیی وەک " کاژیک" و پاشان حیزبێکی سیاسی وەک "پاسەک" بەشێشی تەمووزەوە، هەڵیەکی کوشندەیە.
٣ـ لە لاپەڕە/ ل ٦٥ دا، کاتێ باس لە بەرنامەی بەرەی کوردستانی پاسەک دەکات،گوایە بەس پێشکەشی کەمەڵەی کردووە. لەڕاستیدا ئەو بەرنامەیە خرایە بەردەم هەموو هێز و لایەنەکان.
٤ـ لە ل ١٠٣ باس لەوە دەکات، پاسەک تا دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ کۆنگرەی نەبەستووە. هەڵبەت هەڵومەرج و ژینگەیەکی لەبار لە ڕووی خودیی و بابەتییەوە، نەڕەخسا، تا پاسەک بتوانێ کۆنگرەی خۆی بگرێ. کۆنگرە نەگرتن لەترس و لە بەباویریەوە نەبووە،بگرە لە نەبوونی زەمینەوە بووە. بۆیەکا دەبینین لە کورتترین ساتەوەختی دوای ڕاپەڕینی١٩٩١ دا و لەسەبەری ئازادیدا، پاسەک یەکەم حیزب بوو لە کوردستان،هەمان ساڵی ١٩٩١ ،بە شەش مانگ دوای ڕاپەڕین کۆنگرەی خۆی بەست. پاشان ئەوە هەر تەنها پاسەک نیە، کۆنگرە نەبەستبێت ، ی. ن. کوردستانیش و هەندێ لایەنیش بۆیان نەلوابوو کۆنگرە بگرن.
٥ـ لە ل ١٠٤ دا باس لە کۆنگرە و گۆڕینی ناوی "پارتی سۆسیالیتی کوردـ پاسەک" بۆ "پارتی سەربەخۆیی دیموکراتی کوردستان ـ پاسەک " و گۆڕینی دروشمەکەی لە "کوردستانێکی ئازادـگەلێکی یەکسان"ەوە دەکات بۆ "کوردستانێکی سەربەخۆ… گەلێکی ئازاد" . بنەڕەتی خاڵی یەکەم.
٦ـ لە ل ١٢٢ دا باس لە گۆڤاری سەربەخۆیی دەکات. سەربەخۆیی ڕۆژنامە بوو. تەنیا ئاڵای سووری کوردایەتی و چریکەی ئازاد دوو گۆڤار بوون پاسەک دەری دەکردن.
٧ ـ لە ل ١٣٢ دا باس لە داخوازییەکانی پاسەک دەکات بۆ ئازادکردنی خوێندکارە عەرەبە گیراوەکان. ژمارەکانی هەڵەی تەدایە ڕاستییەکەی بەم شێوەیە:
ئازادکردنی ٢٠ خەزانی ی. ن. ک، ئازادکردنی ٢٠ خەزانی حشع ، ئازادکردنی ٢٠ پ. د. ک، ئازادکردنی ٢٠ خەزانی حسک، ئازادکردنی ١٠ خەزانی کەمەڵە و ئازادکردنی ١٠ خەزانی پاسەک. جا بنەڕەتن هیچ حیزبێ هەیە لەدەستکەوتدا،کەمترین بەش بە خۆی هەڵگرێ و دانێ؟!.ئەم خاڵە

شایانی ئەو بوو، نووسەر تیشکێکی زیاتری بخاتە سەر،چونکە تاقانە و بەوەندە و تژی لە مانا و بەهای بەرزی کوردایەتییە. هەر نەبەت، پاسێک داوای ئازادکردنی کەسوکاری هاوڕێ کەمۆنیستەکانیشی کردووە.
٨ ـ لە ل ١٤٤ دا باس لە دروستبوونی بەرەی جوقد دەکات. لە زمانی ملازم مەنسوورەوە دەنووسێ: " گوایە پاسێک ئامادە بووە، بەتە ئەندام لە جوقد دا، بەڵام ئەوان حسابیان بۆ نەکردووە و پشتگوێیان خستووین".
ئەم باسە زۆرلەژیکی نایەتە بەرگوێ و هیچ بەڵگەیەک لەم ڕووەوە نییە، سەرەتا چونکە جوقد یەکێتی لە دژچێ، ئەوانی تر هەمووی هێزی عەرەبی و کەس و دووکەسی چایخانەکانی دیمەشق بوون. بەوەرگرتنی هەر کەس و لایەک نەک هەر ڕازیبوون، بگرە پاداشیشیان دەدا. لە لایەکی دیکەوە، هیچ خاڵێکی هاوبەشی نێوان ئەوان و پاسێک نەبووە. بەپێ پاسێک باوەڕی بەو خەباتەوەیە نەبوو. لەکاتێکدا پاسێک بۆ بوونە ئەندام لە جوددا، کە لە هێزە کوردستانییەکانی پ. د. ک، حشع و حسک پێکهاتبوو، ئەمانە هاوسەنگەر و دەست و هاوپەیمانی سەر گەڕیلانی کوردستانی پاسێک بوون. بە پارێزەوە و لەوپەڕی ناچاریدا بەتە ئەندام، ئەویش دوای تێپەڕبوونی ٢ ساڵ بەسەر تەمەنی جوددا. جود لە ١٩٨٠ دا دامەزرا، پاسێک ١٩٨٢ دوای سەرهەڵدانی کێشەکانی لەگەڵ ی. ن. ک دا و ئۆقرەت و سیاسەتی پاوانخوازی یەکێتی، ئینجا چووە ناو بەرەوە بە پارێزەوە. واتە گەر یەکێتی تەنگی پێهەڵنەچنییایە، پاسێک نەشدەبووە ئەندامی جود، چونکە پاسێک جەختی لەسەر یەکێتی ڕیزەکان و دروستکردنی بەرەی کوردستانی و سازدانی کۆنگرەی نەتەوەیی دەکردەوە، نەک سەنگەربەندی دژ بەلایەنەکانی سەر گەڕیلانەکە. ئەو دوو بەرەیە لە بنەڕەتدا سەنگەربەندیی بوون. یەکێتی لە پارتی و پارتی لە یەکێتی. وەک بەڵگەش بۆ نەت و مەرام و ئامانجی پاسێک، لە ١٩٧٦ و ١٩٨٠ و ١٩٨٣ و ١٩٨٦دا بە پرۆژەوە بە یەکەیزیی دیالەگی لەگەڵ لایەنەکان و بەرەی جوددا کردووە. جا بیهێنەرە بەر چاوت، چ لەژیکێک دەیسەلمێنێ، کەوا پاسێک بچێتە ناو جوقدەوە، کە بەرەیەکی تەواوی عێراقی بوو.
٩ ـ لە ل ١٥١ دا لە پەراوێزی باسکردنی کێشەکانی یەکێتی و پاسێک دا، باس لە شەڕی مامۆخەلان دەکات. لێرەدا دوو هابیر(بەستون و فارس) ی پاسێک بەدەستی یەکێتی کوژراون، نەک پاسێک لە یەکێتی کوشتبێ. پاشان بەسەر ناوی بەستون دا، تەدەپەڕێ و پەراوێزێکی دوورودرێژ بە فارس دەکاتەوە. گوایە گوناحی فارس ئەوە بووە پێشمەرگەیەکی شەڕشی ئێلوول و نزیک لەڕەوانشاد فەتاح ئاغا بووە. ئەوجا لە زمانی ملازم مەنسورەوە، جارێکی دیکە باس لەوە دەکات، یەکێتی گومانیان لەوە بووە، فارس بەعسییە و هاتووە خوالێخۆش بوو

نەوشیروان مستەفا بکوژە.
بەڵاستی هەڵبەستی ئەم چیرۆکە هەر لە هونەری ئەقڵی یەکێتی دەت.
چونکە فارس لە شارباژێر و نەوشیروان مستەفای خوالێخۆش بوو لە توژەر و ناوزەنگ، فارس چۆن چۆنی دەتوانێ پلانی کوشتنەکە جێبەجێ دەکات؟!. لەوەش زیاتر، دەبوو یەکێتی بەگژ بدات بە پاسەک لەمەڕ ئەم شتەوە. پاسەک دەبەت لەپەچنەوە لە هاوبیرکانی بکات، بە دەنیایشەوە دەیکرد، نەک هەزەکی تر. یەکێتی لەو زیاتر چ مافێکی نییە دەستخاتە ناو کاروباری حیزبێ تر و چارنووسی هاوبیرێکی پاسەک بخاتە مەترسییەوە. کەچی بەداخەوە نابەرپرسانە دەت و فارس دەکوژێ؟؟!!.
دەنگێ پاسکیش لەسەر دەیان ئەندام و بەرپرسی یەکێتی تێبینی و گومانی هەبوو بەت. جا ئایا دەبەت پاسەک ئەوانە بگرێ و بکوژێ، وەک یەکێتی کردی!؟.

کاک زانا لەردا نەیتوانیوە، بەڵایەنی بپارێزێ و لە چوارچێوەی کارە زانستییەکەیدا بمێنێتەوە. بەڵکو جارێ پاساوەک لە ئەی ئەو چیرۆکە هەڵبەستراوانەوە بە کارەکەی یەکێتی دەنێتەوە. ئاخر ئەو ورتە و چیرۆکانەی یەکێتی باسی دەکات،بە پشووری زانستی ناخوەندرێتەوە و منداڵی سەر بشکێش دەزانێ وانییە. هەرچەند لە لاپەڕەکانی دیکە،نووسەر باس لە گەچکە و شەفرەشتنە بردەوامەکانی یەکێتی بە پاسەک دەکات. لە شەهیدکردنی بەستون و فارس، کە سەرەتا و خاڵی بنەڕەتییە، دروست نایخاتە بەردەم خوێنەر و تەمەکی گومان و ناڕوونی بەسەرەوە جێ دەهێت. پاشان نووسەر خۆی بە فاکتێ گرنگەکانی ئەم سیاسەی یەکێتی ماندوو ناکات. بە باوەڕی من ئەم سەرەتا تاڕەڕە، هەکارێکی گرنگی پێکخستنی پاسەک و هێنانە دی دروشم و ئاواتەکانی بوو.

هەڵبەت چ ئەو ڕەڕە و چ ئێستاش، بەهەر بیانوویەک بەت کۆی کورد بکوشتدان و کوشتن،جۆی شانازی نەبووە و نابەت. پاسەک کە مەفرزەکەی یەکێتی لەبری تۆپەی خوێنی دوو هاوبیرەکەی گرتبوو، داوایان لێیان کرد بوو، وەک بارمتە لای پاسەک بن، تاوەکو سەرکردایەتی یەکێتی ، ڕوونکردنەوە لەسەر ڕووداوەکان دەدن. بەڵام بەداخەوە، یەکێتییەکان دەست دەکەن بە تەقە و دەرئەنجام ئەوەی نەدەبوو ڕووبدات، ڕووی دا. شایانی ئاماژە پێدانە، لە کوژراوەکانی ناو یەکێتیدا هاوبیری پاسەک (فەرهاد) هەبوو.

١٠ــ لە ل ١٥٢ دا لە زمانی فوئاد ڕەوەند ناوەکەوە، باس لەوە دەکات، گوایە ساڵی ١٩٨١ لە ناوچەکانی شارباژێڕ پێشمەرگەی پاسەک

چاوساغیان بە هاتنخوارەوەی پێشمەرگەی پارتی کردووە.
بەڵاستی ئەم باسە نادیارە، لەو کتێبەدا جێی بەتاڵە، چونکە پێشمەرگەکانی پارتی هەم خۆیان ئەو ناوچەیەبوون و هەمیش بە هۆکاری نهێنی پارتی و یەکێتی هاتبوونە ناوچەکە. یەکێتیش مافی هەبوو بچێتە ناوچەکانی بادینان.ئەمەش بۆیە هۆکارێکی مەسعوود بارزانی و جەلال تاڵەبانی بوو لە سەرەتای هەشتاکان لە دیدارێکیان دا لە لەندەن لەسەری رێک کەوتبوون. ئەوەی ڕاستی مەسەلەکەیە، پارتی لە زەر شوێندا ڕازی نادیارە، پێشمەرگەی پاسۆکیان لەگەڵ دا بێت و زەرجار بەجێیان دەهێشتن، لەبەرخاتری ڕاگرتنی پەیوەندییەکیان لەگەڵ یەکێتیدا.ئەو دەم یەکێتی بەس قیتەی لەسەر پاسۆک هەبوو. دیارە خودی خواڵێخۆش بوو مام جەلال،بەگشتی هەڵوێستێکی نەرم و ئەرێنی هەبووە بەرامبەر بە پاسۆک،لە دەروێشکانی دیکە، کە بەگژ ئەرز و ئاسمان دا دەچوون توندبوون.
هەکار بە دەرپەڕاندنی پاسۆک لە ناوچەی سلێمانی بەدەستی یەکێتی زەرە، هەر لە هەڵگیرسانی شەڕی عێراق و ئێرانەوە، پەیوەندی بە لێشاوی خێرا بە پێشمەرگەوە، چاوهێنەرهاتن بە تا باڵادەستی ڕێکخستن و مەفرەزەکانی پاسۆک لە شاری سلێمانی ـ کە یەکێتی بە قەڵەی خۆی دەزانی و بانگاشەی ئەوەی دەکرد حاکمی گەڕەپانەکەیە ـ ،ئەنجامدانی چالاکی گەورە لە ڕووی چەنایەتیەوە و گەلە هەوهەکاری دیکەش. ئەم باسە جەدەلین بە دەرفەتێکی تر.
١١ـ لە ل ١٥٦ و ١٥٧ دا جارێکی تر باس لەوە دەکات، پاسۆک لە بەرەی جووداا، بەیاننامەی ناڕازایی دژ بە سیاسەتی جود دەرکردووە. جارێک لەبەر ئەوەی بزوتنەوەی کورد بە بەشێک لە بزوتنەوەی عێراقی و عێراقیش بە هی عەرەبی و دژ بە کۆلۆنیالیزم و زایۆنیزم دادەنێن . جارێکی تر لە ١٩٨٣ دا بەرەی جود بانگاشەی شەڕ دژی یەکێتی دەکەن و پاسۆک دژ دەوستێتەوە و بەیاننامە دەردەکات.
بەڵێ پاسۆک زەر بەپارێزەوە چووبووە ناو جودەوە، وەک تاکتیکێکی سەربازی لەناو جووداا بوو، بە خۆپاراستن لە هێزەکانی یەکێتی و شەڕی بە کۆمەڵی دەوڵەتی عێراق و ژەمەکەی. دەنا لەڕووی فکر و ستراتیژەوە،لەتاک بەشێکی زەری هەرسە لایەنەکەدا، ئاسمان و ڕەسمان نەوانیان بوو.
١٢ ــ کاک زانا لە ل ١٦١ ــ ١٦٢ دا، بە دەستپاکانە ئاماژە بە پشوازییەکانی پاسۆک بە هەوڵەکانی حشع بە ئاشتەوایی دەکات. ئەمەش بەڵگەیەکی تری زیندووی، نیەت پاکی و باوەڕی بەرزی پاسۆک بە پاراستنی یەکێتی و تێبایی نەوان هێزەکان دەسەلمێنە.لە سەختترین هێرشەکانی ناکۆکی پاسۆک لەگەڵ لایەنەکان،دیسان پاسۆک بەوپەڕی باوەڕ و قەناعەتەوە،جەختی لەسەر یەکێیزیی و تێبایی و یەکگرتنی لایەنەکان

کردۆتەوە. ئەم مەژووە گەش و دیارە، بە هەنیەی خەباتی پاسۆک و باوەی کوردایەتییەوە.
١٣ ـ لە ل ١٦٦ ـ ١٦٨ دا، لەسەر هەوەست و سیاستی پاسۆک بەرامبەر بەشەی یەکەتی و رۆکەوتنیان لەگەڵ ژەمی بەعس دا، زەر شت دەڵێ. من بە دەستنیشانکردن و نیشاندانی جیاوازی بیرکردنەوە و هەوەست و نووسینەوەی مەژوو، تەنها ئاماژە بە دوو نووسینی خوالێخۆشبوو نەوشیروان مستەفا و شێخ محەمەد شاکەلی دەکەم و هەستنگاندنەکە بە خوێنەر بەجێ دەهێم:
" ئازاد مستەفا کۆتە نووسینی بەیان و وتار دژی یەکێتی لە بواری موهاتەراتی سیاسیدا بەی هەموو ئەوانەی پێش خۆیدا" نەوشیروان مستەفا، پێنجەکان یەکتر دەشکێنن،ل ٢١٠
" لەکاتی دانیشتنەکانی نەوان ئەمە و ی.ن.ک ، سەرکردایەتی ی. ن. ک داوایان لەکردین ناوەندگیریی بکەین لە نەوان ی.ن.ک و پاسۆک، بە ئاشتبوونیان،چونکە ی.ن.ک دەیویست لە وتار و بەیاننامەکانی پاسۆک ڕزگاریان بێت،کە لە دژیان دەیاننووسی، لەبەر ئەوەی پاسۆک لە ڕووی نووسین و بەیاننامەوە زەر بەتوانا بوون." چاوپێکەوتن لەگەڵ شێخ محەمەد شاکەلی و لەبیرەوەرییەکانی خۆشیدا" لە بزووتنەوە وە بە حزبی سۆسیالیستی کوردستان١٩٧٦ ـ١٩٩٣" ، دا ئاماژەی بەم خاڵە کردووە.
١٤ ـ لە ل ١٩٩ دا، باس لەوە دەکات کە ئازووقە و پێداویستی پاسۆک لەلایەن یەکێتییەوە دابین کراوە. ئەم خاڵە زەرجار لەڕەولەوە باسکراوە و دەکرێ. ڕاستییەکەی بەشێکی هی ئەوەیە کە پاسۆک وەک هەزێک زەری پێ ئابووەندانەتر و شانازی پێوە دەکات، کەمێک و یارمەتی لە جەماوەر و پارتێکی کوردی وەرگرێ، تاوەکو لە سەرچاوە گوماناوییەکان!!. هاوکات دیوێکی تری ئەم مەسەلە بریتییە لەوەی، پاسۆک بەوای بەوە نەبووە، ئەویش شان بەشانی پێشمەرگەی چەند لایەنێکی تر، پێشمەگەیەک یان دووانی خۆی لە خاڵێکی گومرگدا دابنێ و بەشی خۆی ببات، ـ ئەگەرچی پارە هەم خۆشویست و هەمیش گرنگە بە حیزب و حیزبایەتی ـ بەڵکو دەیقەبێاند بە بەڵک یارمەتی دیاریکراوە.
١٥ـ لە ل ٢٠٠ ـ ٢٠٦ جارێکی تر باس لە پەیوەندییە ئاڵۆزکانی نەوان یەکێتی و پاسۆک دەکاتەوە تا ڕووداوەکەی پشتئاشان،کە دەست بەسەر بارەگا و ئەرشیفی پاسۆکدا گیرا.. لەوەش زیاتر، کاتێ بارەگای پاسۆک و یەکێتی لە قەڵاچوالان نزیکی یەک دەبن و لەسەر بارەگای پاسۆک ئاڵای کوردستان بەرزکراوەتەوە، خوالێخۆشبوو مام جەلال هەڵەشە و گوڵەشە لەسەر ئاڵای کوردستان لە پاسۆک دەکات. کاک زانا، لەدوای درک پێکردن و هەستکردن و بینینی ئەو هەموو ڕاستییانە و زانینی خودی گەوهەری کێشەکان، تاوان و گوناحەکە

لە بەرامبەر پاسەک و یەکێتیدا بە کراوەیی دەهێنێ، هەروەک ئەوەی ئەو دوو هێزە لە هێچ و گوناحەکان دا، وەک یەک بن. هەرنەبێت لە لەکەنەوەکەیدا، ئەم دژایەتییە کوێرانە و ناپێویستەی بەردەوامی یەکێتی بە پاسەک، ناکاتە فاکتەک بۆ نەمانی پاسەک، یاخود گرتنبەری سیاسەتێکی دیکە لە لایەن پاسەکەوە، ناگەڕێتەوە بۆ ڕیشەی کێشە سەرەکییەکان. ئاخر لە هاوکێشەی پێوەندیی و کێشەی نێوان پاسەک و یەکێتی دا، بارستاییەکان هاوسەنگ نین، بەڵکو کێشەکە لای یەکێتی بوو، ئەوان وا بیریان دەکردەوە، ئەوەی لەگەڵیاندا نەبێت، دژیانە. یاخود یەکێتی هەرچی بکات، لە شەڕ و ئاشتی، دەبێت ئەوانەی دەوروبەری بۆی بسەلمێنن و لەدووی بێن. ئەمەش بۆ پاسەک سەخت بوو.

١٦ ــ بۆ ئەوەی بۆ پشتوویەکی ئارامەوە و بۆ لەژیکەکی دروست و میتۆدێکی زانستانەوە، خوێندنەوە بۆ سەرجەم ڕووداو و پێشهاتەکان و خودی مەڕووی پاسەک بکەین، دەپرسین ئایا ئەگەر پاسەکەک بتوانێ باشترین پێوەندی لەگەڵ حیزبێکی وەک حشع دا ڕابگرێ، لەگەڵ حسک دا نیوە تەکەڵە بێت، لەگەڵ پارتیشدا، بەهەمان شێوە، پێوەندییەکی تەندروستی هەبێت!، ئەی بۆ ناتوانێ و گرێکی نییە، لەتەک هەزکی وەک یەکێتیدا، لەدەڤەری خۆی پێوەندییەکی ساغەمی هەبێت!؟.

پێموایە وەڵامی ئەم پرسیارە، کەموزەر خوێندنەری زیت و بەدیقەت، لە دووتوێی ماستەرنامەکەی کاک زانا و خەرمانی دیکەمێنت و نووسراوی پاسەک و خەڵکانی تردا هەستی پێدەکات و هێڵی دەهێنجێنێت.

١٧ ــ پاسەک، وەک کاک ئازاد دەنووسێ: " بەتەمەن منداڵ، بە ژمارە کەم، بە قەبارە بچووک، بە ئیمانیاتی سفر، بە ئەزموون، دەوران دەورمان دوژمن و ناحەز" ،خاوەنی نووسراو و بەاکراوەی زۆروزەند بوو، کە کاریگەریی گەورەیان لەسەر جەماوەر هەبوو. بەداخەوە دەزگای رادیۆی نەبوو، تا دەنگی بگاتە هەر شوێنکی کوردستان. دەستەکانیشی بەتابەتی پارتی، هەرگیز دەرفەتیان نەدەدا، تاکە بەیاننامەیەک، با لەسەر جەژنی نەتەوایەتی نەورێزیش بوایە، لە ئیزگەکەیانەوە بخوێندرێتەوە. لە پاسەک توانی بە میتۆد و شێوازی دیکە، دەنگ و ڕەنگی خۆی، جگە لە بەاوکردنەوەی بەاوکراوەکانی، لە ڕێگای پەستەرەکانی دروستی دەکرد و دروشمەکانی لەسەر دیوارەکان لەناو شار و شوێنە ئازادکراوەکان، هەڵیان دەواسی و دەیاننووسی . ئەم چالاکییەش کاریگەرییەکی بەهێز و زۆڵەی دروست کرد بوو. بۆیەکا هەق بوو، کاک زانا ئەم لایەنەشی لە خەباتی پاسەک لە بیر نەچوبایە.

١٨ــ دەبوو کتێبی ناوبراو، هەندە وێنە و پەستەری پاسەکی لەخۆ بگرتایە. چونکە ئەو دوو توخمەش مانا و سیمبۆڵی گەورە و بەهادار دەنوێنن. چونکە وێنەکان بەخێیان بە خوێنەر دەدوێن.

١٩ ـــ کاک زانا لەو ئاگادارە، پاسەک لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستانیش بە تایبەت، هەوڵی بەردەوام و زۆری بە پکهێنانی بزووتنەوەیەکی کوردستانی سەرتاسەری، لەنێوان هێز و لایەنەکانی هەموو پارچەکانی کوردستاندا دەدا. چەندین کۆبوونەوە لە سوید و ئەڵمانیا و دانیمارک بە ئەم ئامانجە کراوە. بەندە وەک نوێنەری پاسەک لە چەندین کۆبوونەوەدا بە ئامادە بوونی کاک ئەمیری قازی وەک پارت سەربەخۆیی کوردستان، کاک عەدنان موفتی وەک نوێنەری سەسیالیست و کاک جەلیل گادانی وەک نوێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستان/ شۆڕشگێران و سەلاح بەدرەدین و چەندانەکی تر ئامادە بوون. پشتریش کاک ئازاد و کاک ئەمیری قازی کە دایناموی هەسوڕێنەری ئەم بیرکۆیە بوون، چەندین کۆبوونەوەیان ئەنجام داوە. چونکە بڕوای کوردستانی، کە پاسەک لایەنەکی پکهێنەری بوو، تەنها لەنێوان هێزەکانی باشوور و بە باشووری کوردستان بوو. لە پاسەک گەورەتر دەیوانیە دەزە نەتەوایەتییەکە. بۆیەکا توانا و وزەیەکی زۆری بەخشی بە هەنانە کایەی بڕوای کوردستانی سەرتاسەری. چەند پرۆژە و بەرنامەیەک گەلاڵە کران و تەی پێوەندی بە لایەنە کوردی و کوردستانییەکانەوە فراوان کرا. بەداخەوە ڕووداوەکان هێندە بە خراپی هاتن و تێپەڕین، ئەم ئاواتە بەدروستی نەهاتە دی. بەداخەوە ئەم ستراتیژە پیرەز و گرنگەش لە سیاسەتی پاسەک، نووسەر لە بەرهەمەکەی ئاماژەی پێ نەداوە.
٢٠ـــ کۆماسیەکی زۆقی ئەم کارە،لەودایە، پێیڵە و پڕۆگرامی پاسەک،وەک گرنگترین بەڵگەنامە و دکۆمێنت،کە هەموو هزر و فەلسەفە و ستراتیژ و تاکتیکی پاسەکی تێدا بەرجەستە بووە، چ خوێندنەرەوەیەکی بە نەکراوە و لە هیچ ڕوهێند و کۆنتەکسەکی فیکری و مێژوویی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە،کاک زانا هیچ قسەیەکی لەسەری نەکردووە. لە کاتێکدا پێیڵەوپڕۆگرام ناسنامەی هەرە دیاری حیزبە و خاوەنی کارەکتەر و بەها و تایبەتمەندیەکی خۆیەتی.دیارە بە پارتەکی نەتەوەیی لەو هەلومەرجەی ئەوسەردەمەی کوردستان دا،چ هەزەک نەبوو، بوێری ئەوەی هەبێت لەدەرەوەی خولگەی مارکسایەتی و خباتی کرێکاری داوای فشەمافی ئەتەنەمی قسەیەکی تری لەکایەی سیاسەتی کوردی دا پشکەش کرد بە و ڕاگەیاند بێت. ئەوە تەنها پاسەکە هەڵگری ، بیری جیاواز، ستراتیژەکی تر، ڕێبازەکی بە سازش، بانگەشەیەکی دیکە و ناسنامەیەکی جودا لە کەی ئەو تەز و بەرنامانەی دیکەی حیزب و لایەنەکان بوو.

ماوەتەوە بڵێم، ئەم چاوپێداخشانە خراپەی من، بەم کارە ناوازەیەی کاک زانادا، ڕەنگە لەڕ و لەوە شتگەلێکم بەسەردا تێپەڕی بێت،

یاخود بەکورتی ئاماژەم پێدا بێت و هەندەکیش هەر بە درێژنەکردنەوەی باسەکان، زۆر لەسەریان نووسیبێتووم. دەبێت جارێکی تریش جەخت لە کارە زەحمەتەکەی کاک زانا بکەمەوە و دەستی ماندووبوونی دەگووشم. دەزانم بەپەرۆش بوو، بە بەدەستهێنانی سەرچاوەی زۆر و گەیشتن بە ڕاستییەکان. لەو خەرمانە پڕرشوبڵاوەی پاسەک هەیەتی، لە نووسراو و نانووسراو و گۆرانەوەی هاوبیران و گۆڤاهەکانی ڕووداوەکان و بیرەوەری وکەسانی هاوسەردەمی پاسەک و دەکەمێنتەکان، ،کاک زانا توانیویەتی بە شێوەیەکی سەرسووڕهێنەرانە، ئەم کارە زانستییەی لە بەرهەم بهێنێت.
ئەم کەمەک سەرنجی منیش، هەر دەبێتە مایەی کێ تر بەسەر خەرمانی مێژووی پاسەک و ئەم بەرهەمە نازداری زانا فەقی. ئەو مێژووەی بە خوێنی دڵسۆزترین کەسانی نیشتمان تەمار کراوە و بە ئەنجی خانەویستانە و خەباتی بێ پسانی تێکۆشەرانی ڕێی کوردایەتی هاتۆتە بەرهەم و بە هەزر و قەڵەم و لوولەی تفەنگ لە خزمەتی بەرجەستەکردنی ناسنامەی کوردبوون دا، هەموو توانایەکی خەی خستۆتە گەڕ. تا ئێستاش لە فەرهەنگی تری دەروەی حیزبایەتیدا،درێژە بە خەبات بە "کوردستانێکی ئازاد،گەلێکی یەکسان" دەدات.
بەواتایەکی تر، بەو هیوایەی سەرنجەکانم، بە کارەکانی ئایندەی کاک زانا و چاپەکانی داهاتووی ئەم بەرهەمە، بەسوود بشکێنەوە.